سیناریۆی سینەما لە وشەوە بۆ وێنە... حەیدەر عەبدولرەحمان

سیناریۆ لەیشەسازی سینەمادا، لەوانەکی وەک ئەمریکا، لە رووی ئابووریی و بازرگانییەوە جیاوازی نیە لەگەڵ پیشەسازی دروستکردنی کەشتی لەژاپۆن وچاندنی برنج لەچین و ناردنی دانەوێڵە لەدەریای ڕەشەوە بۆ سەراپای جیهان.
لەنێو ئەو کەرتەی پیشەسازی سینەمادا، نووسینی سیناریۆ لەگەڵ پێشکانەو بەسەدان سیناریۆ نووس پیشەی بەردەومیان سیناریۆ نووسینە بۆ دراماو سینەما لەو وڵاتەدا، کە بەهەی سیناریۆ نووسینەوە، لە ریزی دەوڵەمەندە گەورەکانن بەشەویەک پاداشتی هیچ یەکە لەو سیناریۆ نووسانە، پاداشتیان لە ئەکتەرە هەرە ناسراوەکانی هالیود کەمتر نیە.
ئەو کەمە سیناریۆ نووسانە، کە ژمارەیان 11500 سیناریۆنووس دەبێت ، سەندیکایەکی تایبەت بەخۆیان هەیە بەناوی (سەندیکای سیناریۆ نووسەکان) کاریان سەرپەرشتی کردنی ئەو سیناریۆ نووسانەیە، لەکاتی دروست بوونی هەر کێشەیەکیش بەرگریان لە دەکات و پارێزگاری لەمافەکانیان دەکات.
هەر بۆ نموونە لەو ماوەیەدا سیناریۆ نووسەکان، بەماوەیەک مانگرتنیان ئەنجامدا، بۆ بەرزکردنەوەی کرێ ی بەرهەمەکانیان، بەتایبەت لەو بەرهەمە سینەمایانەی داهاتەکی زۆر بەدەست دێنن، ئەکتەرەکانیش بۆ تێکەایی لایەنگیریان کردن و لەگەڵ سیناریۆ نووسەکان بۆ ماوەیەک دەستیان لەکار کێشایەوە و بەرهەمهێنانی فیلمیان ڕاگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کەرتی بەرهەمهێنانی فیلم زیاتر لە دووملیار دۆلار زیانی بەرکەوێ.
سیناریۆ لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی فیلمسازی سەخت ترەو کەمن ئەوانەی پسپۆریان لەو بوارەدا هەیە، چونکە سیناریۆ بۆهرەو زانستە، بۆیە (وارن ستیڤن)ی دەرهێنەر دەڵێت: دەرهێنەرانی ئەمە ناکرێت دەست لەکاری سیناریۆ بدەن، ئەگەر واش بکەن، ئەنجامەکەی زۆر نزمی بەسەریاندا دەشکێتەوە، چونکە ئەوان لەووی نووسینەوە توانای نووسینی نامۆیکیان نیە.
(ئەرسەن ویلز) لەم بارەیەوە دەڵێت هەرگیز قسە لەسەر فیلمەکانم ناکەم، چونکە قسە کردن لەسەریان کاری پسپۆرو ڕەخنەگرەکانە.
ڕەنگە زۆر لەو شاکارانەی داهێنانیان تێدا دەکرێت، بە تاکە کەسێک ئەنجام بدرێ، وەک ڕەمان، شیعر، شۆکاری، بەڵام سینەما کاری

دەستە جەمعیەو کەمەک زانست و تەکنیك و پسڕایەتی هاوبەشن، بە بڕەهەم هێنان، لەوانەش کاری سیناریۆ نووسین.
لەسینەمادا هەریەك لەنووسەرو دەرهێنەر فیلسەفەو فانتازیایەکی تایبەتی خۆیان هەیە بە بڕەهەمهێنانی فیلم، ئەوەی یەکەمیان بەلایەنە ئەدەبی و دووەمیان لایەنە هونەرییەکە، کە ئەگەر ئاوەزانی یەکتر بن و لە توە ی کارەکی هاوبەشدا یەکتر بگرنەوە، دەتوانن ئەنجامەکی سەرکەوتوو بە دەست بهێنن.
ئێستا بە زاڵ بوون بەسەر کێشەی قەیرانی سیناریۆ، دەروازەی تری ئاڵتەرناتیف دەزراونەتەوە، کە کاری سیناریۆ نووس ئاسانتر دەکەن، سیناریۆ نووسەکان لە بری ئەوەی تەنیا پشت بە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان ببەستن، بەکو دەتوانن فیلمەکانیان لەسەرشاکاری گەورەی هەماندا داڕێژن، لەو هەمانەی پێن لەووداوو وێنەی درامی.
بەمەش پەیوەندی نێوان نووسەرو دەرهێنەر، هێزێکی گەورە بەدراماو فیلم دەبەخشن.
سوود وەرگرتن لەهەمان بۆشاییەك دەکرێت، کە تاوەك سیناریست بزانیت چۆن وشە بگەیەنیت بە وێنە، یان چۆن بونیاتی هەماهەنگ هەڵبژێریت و لەشوێنی ئەودا بونیاتێکی درامی نوێ دروست بکەیتەوە، هەتا ئەگەر لە ڕووی فیلسەفەو گوتاری سینەماییدا دژ بن، بەڵام لەتەوانینی گشتی دا یەك ئامانجتان هەبێت.
گرنگ ئەوەیە هەموو ئەو فانتازیاو گەمانەوە دوورو درژانەی لەبەتەی هەماندا هەن بە ئامرازو کەرستە هونەریەکان بکرێنە کارێکی وێنەیی چڕو پڕ، ئەو کات لە بری وشە دیالۆگ دەبێت بە وروژاندنی بینەرو جولاندنی هەست و نەستی، بەتایبەت بەرکەوتن لەگەڵ چاوو، گوێ و مێشك و هەموو هەستەکانی تری مرۆڤ.
تا ئێستا کەمپانیا سینەماییەکان سودێکی زۆریان لەرەمانە ناسراوەکانی جیهان بە سینەما وەرگرتووە، بەتایبەت رەمانەکانی (گابریل گاریسیا مارکێز)کە بەتە هەی ئەوەی مارکێز ببێتە خاوەنی هەوادارێکی زۆر لەسینەمادا، کە ڕەنگە ژمارەیان لەژمارەی هەوادارەکانی زێتر بێت لەرەماندا.

ئاسەی ڕەخنەگرانی کرێکارییەکان لە ئێران.. حەمید تەقوایی.. و: کاوە عومەر

دەقی ئەم نوسراوەیە بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی کەناڵ جەدید ئامادەکراوە

حەسەن ساڵحی: تا ئێستا بە هەی هەبوونی دیکتاتۆریەت و سەرکوت لە ئێراندا، کرێکاران نەیانتوانیوە ڕەخنەگراوی جەماوەری خۆیان دروست بکەن، بەڵام هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری چەندین گرووپیان پێکهێناوە کە یەکێک لە ئامانجەکانیان پێکهێنانی ڕەخنەگراوە جەماوەرییەکان بووە. لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا چەندین ڕەخنەگراو هەڵسوڕاو و ئەوانەی بەشدارن لە بزووتنەوەی کرێکاریدا لە دەی شەشی ژن ژیان ئازاددا پێک هاتوون. لەم چاوپێکەوتنەدا باس لە ئاسەی ڕەخنەگراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان لە ئێران دەکەین.

حەمید تەقوایی، یەکەمین پرسیارم ئەوەیە، لە بارودۆخی ئێستادا بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕووی ڕەخنەگرتنەوە لە چ بارودۆخێکدایە؟

حەمید تەقوایی: هەروەک ئاماژەت پێدا، یەک ئاست لە ڕەخنەگرتنی کرێکاری، ڕەخنەگرتنی هەڵسوڕاوانە. ئەوانەی بەشدارن لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بە پشتبەستن بە سۆشیال میدیا توانیویانە خۆیان ڕێکبخەن و دامەزراوە و کەمپێتکانیان دروستکردووە و شارەزا و ناسراون. ئەم جۆرە ڕەخنەگراوانە زۆر پێش شەشی ژن ژیان ئازادی دروست بوون و لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای هەڵوەرجی خەبات و ناڕەزایەتیە کرێکارییەکان دروست بوون.
دەزانن کە بزووتنەوەی کرێکاری لەدرێژترتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بەدەنگ نەبووە. بەردەوام ناڕەزایەتی و گردبوونەوە و مانگرتن هەبووە و لە دەی ئەم بزووتنەوەیەدا هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری توانیویانە خۆیان ڕێکبخەن و بە ئاشکرا و بە ناو و وێنەی خۆیانەوە ڕێ بخەنە ناو مەیدانی خەباتەوە. هەم حکومەت ئەو هەڵسوڕاوانە و ڕەخنەگراوەکانیان دەناسێت و هەم کرێکاران و هەموو کەمەگاش ئاشنان پێیان. ئەم ڕەخنەگراوانە خۆیان بە کەمیتە، سەندیکا، یان شورا ناودەبەن، بەڵام لە ئاستی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری تەناپەڕن.

لایەنێکی تریش بریتییە لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران کە دروستکردنیان ئامانجێکی گرنگی ئەو ڕێکخراوە چالاکوانانە. لاوازی بنچینەیی بزووتنەوەی کرێکاری، نەبوونی ڕێکخراوە هەمەلایەنەکانی کرێکارانە. جا ئەو ڕێکخراوانە لە شێوەی ئەنجومەن یان سندیکادا بن، لە هەر حاڵەتێکدا پێویستە هەموو یان زۆرینەیەکی بەرزی کرێکارانی یەکەیەکی کرێکاری لەخۆ بگرن. ئەمش بەهۆی خنکان و سەرکوتکردنەوە ناتوانرێت. بەربەستی سەرەکی لەبەردەم دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان حکومەتە. حکومەت و تەواوی چینی سەرمایەداری دەزانن کە هەر پلەیەک لە ڕێکخستنی جەماوەری چینی کرێکار، بزووتنەوەی کرێکاری زۆر بەهێزتر و یەکگرتووتر دەکات بەرامبەر خاوەنکارەکان و حکومەتەکەیان. ئەوان ئەمە دەزانن و هەر لەبەر ئەم هۆکارە، چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و چ لە سەردەمی نیزامی پێشوودا، هەوڵی حکومەتەکان بە ڕێگریکردن بووە لە ڕێکخستنی کرێکاران. کۆشەی ئەمە لە ئاستیدا ئەوەیە کە چۆن دەتوانین لە هەلومەرجی دیکتاتۆرییەت و خنکاندندا ڕێکخراوی کرێکاری جەماوەری دروست بکەین. شتێکی گرنگ بە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، وەئامدانەوەی ئەم بابەتەیە.

جەخت لەوە دەکەمەوە کە چینی کرێکار بەردەوام ناڕازایەتی دەربڕێن و ڕێکخراوکان لەو ناڕازایەتیانە سەرهەڵدەدەن. چینی کرێکار چینێکە کە بوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕێکخستن هەیە. واتە کارکانی پێویستی بە ڕێکخستن و ئاوازدانان هەیە. کرێکارێک لە ناوەندێکی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاری توانای کارکردنی نییە و ناتوانێت هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لە بەرهەمهێناندا بەبێ کاری تیمی و هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارەکانی. کرێکارێک بە پێچەوانەی کۆیلەیان یان دوکاندار، ناتوانێت بە کاری تاکەکەسی خۆی بژی. لە ئاستیدا ڕێکخستن و چالاکیی بکەمەڵ و ڕێکخراو تایبەتمەندی چینی کرێکار و ڕەگ و ڕیشەی لە شۆڕشی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەم چینەدا داکوتاوە. خەباتی کرێکاری تەنیا دەتوانێت بکەمەڵ بێت. کرێکار ناتوانێت تەنها فرۆشکەی لە ئاوەکە دەربهێنێت.

یەکەم خەباتی کرێکاران لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا خەباتی بەستنی ڕێککەوتنی دەستەجەمعی بوو. واتە کرێکاران نەیاندەویست بە تاک ڕووبەڕووی خاوەنکار ببنەوە. سروشتییە چینی سەرمایەداری نایەوێت کرێکاران لە ناڕازایەتییەکانیاندا ڕێکبخەن. سەرمایەداری لە پرسەی بەرهەمهێناندا کرێکاران ڕێکدەخات، بەڵام دەیەوێت بە تاک ڕووبەڕوویان ببێتەوە و ئەمش پارادۆکسێکی بنەڕەتی و دژایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە. لە لایەک لە ڕێکخراوی بەرهەمهێناندا پێویستی بە کاری ڕێکخراو و هەماهەنگی کرێکارانە و بە ئەوەی

قازانج بەت پەویستە ڕێکخستن و یەکخستنی کرێکاران بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕوانگەی سیاسییەوە و لە ماماڵەکردن لەگەڵ ناڕازایەتی کرێکارانداا، دیارە مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی بەتاک کەوتوو و ناڕێکخراودا بکات. بەڵام بەبێ گومانێ مەبەست و هەوڵی خاوەنکارەکان، سەندیکا و ڕێکخستنی کرێکاران لە بابەتی بەرهەمهێناندا، پێیان خۆش بێت یان نا، پەویستی بە سەندیکا و ڕێکخستنی خەباتی ئەوان هەیە و ڕۆژانە بەرهەمی دەهێنێتەوە. تەنانەت دڕندەترین دیکتاتۆرییەکان ناتوانن ڕێگری بکەن لە کەبوونەوە و ڕێکخستن و یەکخستنی خەباتی کرێکاران. لە کەماری ئیسلامیدا دەتوانین بە چاوی خەمان ببینین کە چۆن ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاری سەرهەڵدای سەرکوت و چۆوساندنەوەی بوونێ پێک هاتوون. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت هەنگاو بەرەو ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران بنرێت.

حەسەن ساڵحی: هەروەک ئاماژەت پێدا سەرمایەدارەکان بە پشت بەستن بە دەوڵەتەکەیان پێشیان لە خۆڕێکخستنی کرێکاران گرتووە و ئەو ڕێکخراوانەی هەن کە لە ژێر ناوی کۆمیتە یان سەندیکا یان شورا کاردەکەن بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێکخراوی چالاکانی کرێکارین و هەموو یان تەنانەت ئا بەشێک لە کرێکارانی یەکەیەکی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاری. پرسیار ئەوەیە لەکوێیدا ئایا پێشمەرجی دروستبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان چییە؟ تێکشکاندنی خنکاندن، گەیەنی هاوسەنگی هێز لە نێوان حکومەت و خەڵک، یان ئاوگەڵی تر؟
حەمید تەقوایی: ئەوەندەی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، دیارە مەسەلەکە هەمان پارادۆکسی مریشک و هێلکەکەیە. لەلایەک دەبێت بەربەستی خنکاندن بشکێنی تا ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دروست ببن و لەلایەکی دیکەشەوە هێزێکی چارنووسساز و کاریگەر لە شکاندنی خنکاندنەکەدا خودی بزووتنەوەی کرێکارییە، کە دەبێت بە ڕێکخراوی و یەکگرتوو بێتە مەیدان. بەڵام ئەم بابەتە پێش و سپی نییە. ئەم دوو لایەنە دەتوانن بەتەریبیش هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە بچن. ناڕازایەتی کرێکاری بە هەر پلەیەکی ڕێکخستنەوە بێت گریمانە بکرێت و ئەم ناڕازایەتیانە لەگەڵ ناڕازایەتی بەشەکانی تری کۆمەڵگە بە نێرە هاوسەنگی هێز بە قازانجی ڕێکخراوە بەرفراوانترەکان دەگۆڕن.
کلیلی پرسی ڕێکخستن لە دڵی ناڕازایەتییەکەدایە. لە هەلومەرجی شۆشگێڕانەدا، کاتێک بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەردەردێنێ – وەک ئەو دۆخەی لە ساڵ و نیوی ڕابردوودا لە ئێران هەمانبوو- بە دڵنیایی زەمینە زیاتر فەراهەم دەبێت بە ئەوەی جەماوەری کرێکار

هەنگاو بنەتە مەیدانی خەبات. وە پەت خەش بەت یان نا، ئادەی هەز و کاریگەری و بەشداری چالاکانی کرێکاری و دامودەزگاکانیان زیاتر و کاریگەرتر دەبەت.
لە پەسەی ئەم شەشەدا شاهیدی پەکهەنانی ئەنجووماەنی ناەزایەتی بووین. هەرچەندە بەشەک لەو ەەکخراوانە پەش شەشی ژن ژیان ئازادی دامەزراون، بەەام لە دەی ئەم شەشەدا شوراکان چەند هەندە بوون و بەراونەتە پەشەوە و ەەەەکەی کاریگەریان هەبووە لە ەەکخستنی ناەزایەتیەکان. بە تایبەتی خەباتی کرێکارانی نەوت گەیشتە لوتکە و کەرتە جیاجیاکانی پیشەسازی نەوت بە پەکهەنانی شورای ناەزایەتیەکانی خەیان ەەکخست و ناەزایەتیەکانیان ئەنجامدا. وە بە گشتی ئەم فەرمەی ەەکخستن بەاوبووەوە. ئەم ئەنجومەنانە بەرپرسیارن لە ەەکخستنی ناەزایەتی و گردبوونەوە و مانگرتن، کە لە لایەن شەشەوە دابین کراوە. ئەنجووماەنی هەماهەنگی ەەکخراوەکانی سەندیکای مامەستایان کە زەر پەش دەستپەکی شەشی ژن ژیان ئازادی دامەزرا بوو، لە دەی شەشدا ئادیکاەتر و چالاکتر بوو و چەندین کەبوونەوەی ناەزایەتی ەەکخست. بەگومان ئەم ەەکخراوە لە ئاستی هەسوەاوان تەدەپەەت و مامەستایان و پەروەردەکاران لەسەر ئاستی سەرتاسەری لەخەدەگرەت.
لەرەوە دەمەوەت بگەمە ئەو ئەنجامەی کە پەشکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاری و بەتایبەتی جماوەریکردنی ەەکخراوەکان لەسەر هەلومەرجی کەمەایەتی-سیاسی و بە هەوەی هەسوەاوانی بزووتنەوەی کرێکاری دامەزراوە. پەویستە دیکتاتەرییەت گریمانە بکرەت. سەرمایەدارەکان و حکومەتەکانیان هەمیشە هەوەدەن کرێکاران لە ەەکخستن ئابگرن و سەرەەای ئەمەش ئەمە دەتوانین و دەبەت بەرو ەەگەی ئەزگاری بەن تا ەەکخراوتر و فراوانتر ببینەوە.
ئمکانێک کە ئەمە هەمانە و پەویستە لە ەەکخستندا بەکاری بهەنین، ئامرازەکانی سەشیال میدیایە. ئەزیم ەەنگە بە پشتبەستن بە چاودەری ەەکخراوە زەردەکان و هەزە سەرکوتگەرەکانی دیکە بتوانەت پەش بە کەبوونەوە ەووبەووکانی وەک کەبوونەوەی گشتی کرێکاران لە یەکەکانی بەرهەمهەناندا بگرەت، بەەام لە سەشیال میدیادا توانای ئەوەی نییە. ئەمە ەەکخراوەکانی هەسەوەاوان وەک ئەنجووماەنی ناەزایەتی بەم شەویە کەدەبنەوە و ەاوەز دەکەن و بیروا ئاوگە دەکەن و بەیار دەدەن.
هەنگاوی دواتر دەتوانە ەەکخستنی کەبوونەوەی جماوەری کرێکارانی هەر یەکەیەک بەت بە هەمان شەوە. واتە لە یەکەیەکی بەرهەمهەناندا، کرێکاران دەتوانن لە ەەگەی تەلەگرام یان ئینستاگرام و هاوشەوەکانیانەوە بەشداری لە کەبوونەوە مەجازییەکاندا بکەن، و

گفتوگۆ و بۆیار لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر لە ژینگەی کارکردنیان بدەن. ئەمەش پێویست ناکات خەڵک ببنە گشتی، هەروەها هووبووی بەربەستی ئەمنی و هتد نابێتەوە. دەتوانرێت بەشداری لەو کەبوونەوانەدا بکرێت کە ناونیشانیان تەنها بۆ ئەو کرێکارانە بێت کە ناوی نهێنیان هەیە.
هەروەها هەڵکۆڕاوکانی ئاستای هەسوەاوان دەتوانن لەم هووەوە هەڵکۆڕکی گرنگ بگەڕێن. دەتوانن لە پلاتفۆرمکانی ئینتەرنێت بۆ هەڵکۆڕینی کەبوونەوە گشتییەکان و بەدەستهێنانی کەبوونەوەکان و بانگهێشتکردنی کرێکارانی یەکەی بەرهەمهێنانیان بۆ ئەو کەبوونەوانە کەڵک وەربگرن. بەگومان ئەمە لە ئاستێکی سنووردارداو کراوە، بەڵام پێویستە فراوانتر بکرێت و ببێتە نەریتێکی خەباتکارانە. تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتن و هاوسەنگی هێز لەم بارودۆخەدا بۆ تەواوی هەڵگرمان پێدەدات ئەم هەنگاوە بنەین بۆ پێشەوە.

حەسەن ساڵحی: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا دەبینین سەرهەڵدای سەرکوتکردن و خنکاندن، مامۆستایان و پەروەردەکاران لەئاستی سەرتاسەریدا هەڵکۆڕاون. بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان لە سەرانسەری وڵاتدا لەلایەن شورای هەماهەنگییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. وە ئەم هەڵکۆڕاوە توانییەتی هەمەتەی زۆر و بەرفراوان هەڵکبخات و بباتەپێشەوە. هات چییە لەسەر ئەم ئەزموونە؟ ئایا ئەمە دەتوانێت مۆدێلێک بێت بۆ تۆژکانی تری چینی کرێکار؟

حەمید تەقوایی: باسی ئەم بابەتە دەکەین، بەڵام سەرەتا دەبێت جەخت لەسەر خاڵێک بکەمەوە کە ناپێویستە بۆ پرسیارەکەتانەوە.
لەم چاوپێکەوتنەدا باسمان لە کێشکرد، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە جیاوازییەکی چەناییەتی لە نێوان بارودۆخی کەمەگای ئەمڕۆدا هەیە لەگەڵ ئەو خنکاندنەی کە لە دەسەڵاتی پێشوودا هەبووە. لە ژێرەمی شادا دیکتاتۆری و سەرکوت بووە هەی چەقبەستن و بەدەنگییەکی مەرگبار بەسەر کەمەگادا زاڵ بێت. لەخۆا نەبوو کە ئەو دۆخیان ناونا بوو گۆڕستانی ئاریامەهری. نەک هەر کرێکاران بەڵکو نووسەران و هونەرمەندان، ژن و خەڵکی ژێر چەوسانەوەی نەتەوەیی و چین و تۆژە ناڕازییەکانی دیکەی کەمەگا نەیانتوانی بچوکترین ناڕەزایەتی دەربڕن یان لە هیچ ئاستێکدا خۆیان هەڵکۆڕاوبکەن و بزووتنەوەیەک هەڵکبخەن. سەبارەی هۆشی ساواک لە هەموو شوێنێک بۆاو بووە.
ئەمڕۆ کەماری ئیسلامی دیکتاتۆرییەت و سەرکوتکی زۆر دەندانەتری

بەسەر کەمەگادا سەپاندووە، بەڵام نەیتوانیوە بارودۆخی گۆڕستانی ئابردوو بگۆڕێتەوە. بگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش تەکنەلۆجیای سۆشیال میدیایە کە ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری لە قۆرخکاری حکومەتەکان و میدیای بازرگانی دەرهێناوە و وایکردووە جەماوەری خەڵک لە ئاستی سەرتاسەری و تەنانەت نێودەوڵەتیشدا بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن . بەڵام هەکاری گرنگتر، کاریگەریی قووڵکانی شۆڕشی ١٣٥٧ـە، کە هەرچەندە بووە هۆی بەهێزبوونی کەنەپەرستی ئیسلامی، بەڵام زەمینەی کەی بۆ کەڵا ، چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی کەمەگای بەرزکردەوە و زەمینەی ناڕەزایەتی بەربڵاوی لایەنی جەراوجێڕوە دروستکرد چین و توێژەکانی کەمەگا بۆ تایبەت ژنان و لاوان و قوتابیان کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کەماری ئیسلامیەوە ئارام نەبوون و بەردەوام ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. بە نموونە ژمارە و مەودای مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لە چواردە دەیەی ئابردووەدا زۆر زیاترە لە ئابردوو. ئەمەش بە تێکۆشانی ژنان و گەنجان و خەڵکی ژێر چەوساوەی نەتەوەییەیش ئاستە.
بگومان لەم نەوەندەدا، وەک ئاماژەم پێدا، تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن زۆرێکی گرنگی هەبووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئینتەرنێت و مۆبایل و سۆشیال میدیا بە گشتی لە بیست ساڵی ئابردووەدا بووەتە جێی بایەخ و بەربڵاو، لە کاتێکدا ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و ژنان و بۆشەجەراوجێڕکان کەمەگا لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنی کەماری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد. سەرەتا لە بنەڕەتدا لە درێژەی داواکاری و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ کە کەماری ئیسلامی بەدی نەهێنا و پاشان دژی سیاسەت و سەرکوتەکانی نیزامی تازە دەسەڵاتدار. من هەمیشە وتووەم شۆڕشەکان شکست دەهێنن، بەڵام لە مێژوو دوور ناخرێنەوە. شۆڕشی ١٣٥٧یش کاریگەرییەکی قوڵی بەجێهێشت، یەکێک لە دەرەنجامەکانیش بەتوانایی چینی دەسەڵاتدار بوو لە زیندووکردنەوەی خنکاندن و بارودۆخی چەقبەستووی گۆڕستان.
ئێستا با بگەڕێینەوە سەر پرسیارە تایبەتەکەت سەبارەت بە ئەزموونی پەروەردەکاران. لە بنەڕەتترین ئاستدا پێکهێنان و چالاکی ڕێکخراوەکانی وەک شورای هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی یەکێتی پیشەیی پەروەردەکاران وەک دەرئەنجامی کەمەگایەکی دینامیکی و ناڕەزایەتی هەژمار بکرێت. ئەم ئەزموونە ئەوەمان بە دەردەخات کە دەکرێت ڕێکخراوە ناڕەزایەتییەکان و داواکاریەکانی بۆشە جیاجیاکانی کەمەگا ڕێکبخرێن، تەنانەت لەسەر ئاستی نیشتمانیش. وەک ووتم کردەوە ئەم ڕێکخراوە زۆر پێش شۆڕشی ژنانی ژیانی ئازادی دامەزرا. یەکێ ناوچەییەکانی مامۆستایان وەک ڕێکخراوە پیشەییەکان دەستیان

پکرد و بەیەکەوە گرێدرابوون و یەکگرتوو بوون و شورای هەماهەنگی سەندیکاکانیان پکهێنا.
لەرێدا پەویستە خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت. ئەو بوارانەی کە سیمایەکی سەرتاسەریان هەیە- لە بنەڕەتدا بەشە خزمەتگوزاریەکانی وەک مامۆستایان، بارکردن وگواستنەوە، کرێکارانی شارەوانی و ئاگرکوژێنەوە و هتد- بەهۆی جۆری کارەکانیانەوە، بە بڕاورد لەگەڵ بەشەکانی دیکە، ئمکانیەت و توانای زیاتریان هەیە بۆ ڕاکخستن و ناڕازایەتی دەربڕین لەسەر ئاستی وڵاتدا. خانەنشینەکان دەخێکی هاوشێوەیان هەیە و هەر بۆیە هاوکاتەوە ڕاکخراو کەبووندەوەی ناڕازایەتی فراوانیان ڕاکخستووە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەم جۆرە ڕاکخراوە و ڕاکخستنی ناڕازایەتییە، وەک ئاماژەم پدا، بە یارمەتی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت و بە تایبەتی هاوسەنگی هێز کە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە شەشەی ١٣٥٧ دا هەیە، بووەتە مەومکین و ئەم هەکارانەش بۆ هەموو بوارەکان بوارە خزمەتگوزاری و سەرتاسەرییەکان و یەکە گەورە و بچووکەکانی بەرهەمهێنان ڕاست و دروستە.
خاڵێکی تر ئەوەیە کە فراوانکردنی ڕاکخستن لە نێو کرێکاراندا دەتوانرێت لە دوو ئاستدا جێبەجێ بکرێت. یەکەکیان فراوانبوونی ئاسۆیی ڕاکخراوەکانە، واتە تۆڕێک لە ڕاکخراوەکانی چالاکوانانی ناوەندە جیاوازەکان هەبێت کە لژێر یەک چەتردا کاردەکەن. دووەمیان فراوانبوونی ڕاست و چەپی ڕاکخراوە هەبووەکانە، واتە کۆبوونیان لە هەر یەکەیەکی بەرهەمهێناندا. لەوانەیە ئەمانە بە شێوەیەکی هاوتەریب بەرەوپێش بچن یان هەریەکەیان پرسەی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەم دوو شێوازی ڕاکخستن کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت و یەکتر بەهێزتر دەکەن.
بە نموونە ئەگە لە پیشە سازی نە وتدا پایە کانی سەیە می ئە نجومە نی ناەە زایە تی کرێکارانمان هە یە کە دە توانێت لە دوو ئاستدا گە شە بکات. یەکەکیان دانانی مۆدێلێکە بۆ کۆرتەکانی تری کار، لە پیشەسازی نەوت یان کۆرتەکانی تری بەرهەمهێنان، بۆ ئەوەی چالاکوانەکانیان ئەنجوومەنی هاوشێوە پکبهێنن. ئەمەش جۆرێکە لە فراوانبوونی ئاسۆیی. لایەنێکی تر ئەوەیە کە هەر ئەنجومەنێکی ناڕازایەتی هەڵە بدات چین و توێژەکانی تری کرێکاران لە هەمان یەکدا بگرێتەوە. ئەم شێوازە دووەمیش بریتییە لە جووڵە لە ڕاکخستنی چالاکانی هەر یەکەیەکەوە بۆ ڕاکخستنی جەماوەری لەو یەکە تایبەتەدا.
هەردوو ئەم ڕەوتانە مومکینن، بەڵام ئەم ئاگارە بۆ مانایە نییە کە هیچ بەربەستێک لە ڕێگامانەدا نییە. دەبێت ئاستەنگەکان تێپەڕێنرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەی زیاتر لە هەموو

فاکتەری تر ئەم بەکخراوانە دەکاتە مەمکین، ئاراستەکردن و هەی سیاسیە. بەکخستنی جەماوەریی کرێکاران لە هەلومەرجی دیاریکراوی ئێراندا تەنیا لە دەوری هەستکی ئادیکاڵ کە بە ئاستی قسە لەگەڵ دەی کرێکاران دەکات، جێبەجێ بکرێت و ئەم هەستە ئادیکاڵەش بە خەی دەستەبەر نابێت، دەبێت شێوەی تەشەنەکردن و سەقامگیربوونی بکرێ. لێرەدا ڕۆڵی حزبە شۆڕشگێڕەکانی وەک پارتی ئێمە تیشک دەخرێتە سەر. تەنیا لە دەوری هەستکی سازش نەکراو و ئادیکاڵ کە بەتەواوی خەی لە هەستکانی دە خوردادی و تودە ئیستی و یاساگەری و سەندیکاگەرایی و هاوشێوەکانی جیا کردەتەوە و بەڕاستی نوێنەرایەتی شۆڕشانگێزی و ناڕەزایی و ناڕەزایەتی قووڵی جەماوەری کرێکار دەکات، دەتوانین ئەو… جەماوەر بزووتنەوەی کرێکاری جووڵێی کرد.
لە هەر حاڵەتێکدا، بە گریمانەیەک کە ئێمە باس لە هەستکی ئادیکاڵ دەکەین، دەتوانین بڵێین کە فراوانبوونی ئاسۆیی و ڕاستیی بەکخراوە کرێکارییەکان هەم مومکینە و هەم لە ڕوانگەدایە.

حەسەن ساڵحی: ئێوە لایەنە جیاوازەکانی ئێم دیدەتان بە ڕوون کردەتەوە. وەک پێوختە و کۆتایی باسەکە چۆن و لە چ پرسەیەکدا دەتوانرێت ئێم دیدە بدیبهێنرێت؟

حەمید تەقوایی: وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا خاڵی سەرەکی کارەکە پێکهێنانی بەکەمەی بەکخراوەکانە. بە بەدیهێنانی ئێمە، ئێمە لە سفرەوە دەست پێناکەین. لە ئێستادا زۆرێک لە بەکخراوەکانی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری پێکهێنراون و دەتوانن هەستکی گرنگ لە دروستکردنی بەکخراوی جەماوەریدا بگێڕن. ئادەی کاریگەری و کاریگەریی ئەوان بە تەواوی پەیوەستە بەوەی کە چ سیاستێک پەیڕەو دەکەن و تا چەند توانیویانە سەرنجی جەماوەری کرێکاران بە هەوەست و بەنمایی و چالاکییەکانیان ڕابکێشن. تا ئێم پلەیە لە کاریگەری و متمانەپێکردن بەرزتر بێت، بە شێوەیەکی سروشتی، ئەگەری بەکخستنی جەماوەری کرێکار زیاتر دەبێت – لە بنەڕەتدا بە پشتبەستن بە سۆشیال میدیا.
لە دەی شەشی ژیانی ژناندا بزووتنەوەکان بەرەو دەچوون، وەک بڕاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی ١٢ خاڵی لەلایەن بیست بەکخراوەوە کە زۆربەیان بەکخراوی کرێکاری بوون و لەم دواییانەشدا، بڕاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لەلایەن دە بەکخراوەوە دژی لەسێدارەدان و سەرکوتکردن , هەڕەشەها حزەکە. هەر ئەوە ها لە دەی شەشە که دا بەکخراوی نوێ پێکهێنران، هەر مووبان به کرده وه له بەکخستنی گردبوونه وه و ناڕه زایه تی و مانگرتنی کرێکاریدا به شدارن. بەکخراوەکانی چالاکوانان

دەتوانن لە ڕێگەی ئەو کردەوە و چالاکیانەوە کاریگەری و متمانەی زیاتر بەدەست بهێنن. لەم هەلومەرجە شڕشگێڕانەدا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی جووڵەی گەورەی کرێکارانی نەوت، مامۆستایان و خانەنشینانەدا، مەیدانی ڕاکێشانی جەماوەری کرێکار بە چالاکییە ڕێکخراوەکان لە هەموو کاتێک زیاتر لەبەردەستدایە.
لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە پێویستە ئامرازەکانی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی چالاکانە بەکاربهێنرێن. ئەو کرێکارانەی کە چالاکی و ڕێنمایی و بانگەوازی ڕێکخراوە چالاکوانەکان بگۆڕێ خواست و بڕژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن، توانای بڵاوکردنیان لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا هەیە کە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە دەناسێنرێن. دەتوانرێت ڕووشۆن بگیرێتەبەر بە دۆنیابوون لە سەلامەتی بڵاوبووان و دۆنیابوون لەوەی کە کرێکارانی یەکێی پەیوەندیدار، نەک کەسانی دیکە، بڵاوکراوەکان لە کۆبوونەوە مەجازییەکاندا کردووە. ئەم لایەنانە لە ئێستادا لە کۆبوونەوە مەجازییەکانی چالاکواناندا بەدی دەکرێن و دەتوانرێت بە کۆبوونەوە گۆڕکانیش درێژبکرێنەوە. بەم شێوەیە ڕێکخراوەکانی وەک ئەنجوومەنە ناڕازایەتییەکانی ئێستا دەتوانن لە پەیوەندی بەردەوامدا بن لەگەڵ جەماوەری کرێکاران و لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا ڕاپرت بدەنە کرێکاران و لە هەندێک حاڵەتدا داوای بڕچوونیان بکەن و دەنگ بدەن و بە کردەیی جۆرێک لە ئەنجوومەنی مەجازییان هەبێت کە ئەندامەکانی وەک بڵاوبووان، هەڵچنەدە ئەوان بە شێوەیەکی کەسی کە نوێنەرایەتی، بەڵام ڕاستەقینە. لەگەڵ بڕۆپشچوونمان بەم ئاراستەیە، ئۆگری فراوانبوونی ئاسۆیی ڕێکخراوەکان لە شێوەی تۆڕی سەرتاسەریدا دابین دەکرێت.
لە کۆتاییدا هەمووی بە ئەوە دەڵێم خوارەوە کە تێکۆشەران و ئەوانەی دەستیان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەیە، کە لە ڕێکخراوە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوبوونەتەوە، پێنج دەخڵەن سەر پرسە تووندەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەر سێکتۆرێکدا و بانگەوازی ڕادیکاڵ و ڕاست دەخڵەن ڕوو و چارەسەرکان.
ئەمە وەک پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری هەموو هەوڵێک دەدەین بە ئەوەی چینی کرێکار بتوانێت هەنگاوی گەورە لەم ئاراستەیەدا بەدەست بهێنێت.

٢٢ی دی ١٤٠٢، ١١ی ژانویەی ٢٠٢٤

ڕۆژگاری (قودس) بە هەڵمەتێکی تێناپەڕێت.. گەران هەڵبژێری

زەرجار ڕووبداوە لەکاتی بوونی ناکۆکی و ململانێی و جەنگ لە نێوان دەسەڵات و ڕژێم و وڵاتەکاندا لایەنی دیکە خراونەتە نێو جەنگ و ململانێکانەوە .

ئەم تەوەگلان و بەشدارپێکردنەی لایەنی دیکە دەگەڕێتەوە بۆچەند فاکتەرێک لەوانە:

بەکووشتندانی سەربازو کەسانی خۆیان ،نەبوونی خواستی بەرنگاربوونەوەی سەربازی ئاستوخۆ ،ترس لەپەرچەکرداری تووندو چاوەڕوانێکراوی لایەنی بەرامبەر.نەگونجانی دۆخی سیاسی و ئابووری ناوخۆ.

لەم حاڵەتانەدا لایەنی تەوەگلاو هەر زیانێکی بەربکەوێت بە تەوەگلەنەر ئاسایی دەبێت، چونکە خودی خۆی ناگرنەوە.

حاڵەتێکی دیکە لەململانێکاندا لەدانی وڵاتێک،کیانێک،هەرەمێک حیزبێکە لەلایەن تەرەفێکی شەڕکەرەوە ، کە حسابی دەست یا هاوپەیمانی بەڕێی نیاری بەدەکرێت. بە نمونە حیزبەکانی لوبنان،حوثیەکانی یەمەن،مەلیشیا شیعەکانی عێراق،مەلیشیاکانی سوریا، ئەمانە دەچنە خانەی دەست و هاوپەیمان و دروستکراوی ئێران و لەاستیشدا هەروایە.جا لەدانیان لەلایەن ئەمریکاوە یا ئیسرائیل ئامانجی مەشروعن و بەردەوامیش لەدەدرێن.

لەدیدی ئێرانیشەوە دەتوانین کوردانی ڕۆژاواو باشوور بخەینە خانەی ئەمریکاوە.

لەم هاوکێشەیدا لایەنە دژبەرەکان بەتایبەتی ئێران دەخوازێت لە ئاقڵەلاوازکەوە زیان بە لایەنی بەرامبەر بگەیەنێت.

بەنسبەت ئێرانەوە هەرەمی کوردستان ئەو ئاقڵەلاوازیە کە دەتوانێت بەئاسانی و بە پەرچەکردار کاری سەربازی تێدا ئەنجام بدات .دیتمان حەرەسی ثوری ئێرانی هەواڵی ئاکێت باران کرد ،گوایە بنکەو بارەگای [مەساد]ی لێیە،کەلەاستیدا ئەوە بەهانایەکی پووپووچ و بە بنەمایە ،وەک ئەحمەد بەشیر لە بەرنامە کامیدیەکەیدا {البشیر شو}دا گووتی دەنیام گەر بنکەو بارەگای مەسادی لەبوایە هەرگیز ئێران لێی نەدەدا ،چوونکە بەرپرسانی ئێران چاک دەزانن

پەرچەکرداری ئیسرائیل چۆن و چەند کاریگەر دەبوو.
کەواتە لەدانی هەولێر پەیامێکی لاوازە بە ئەمریکاو ئیسرائیل بۆی گەر بەختتان نەوەرین خۆ بەوانە دەوترین کە پەیمان وایە گۆرایی ئۆن.
وەک پێشتر ئاماژەم پێدا هەرگیز توانای وەرامدانەوەی دەستدرێژیکانی ئێرانیان نیو دنیاشم بەرپرسانی هەرێم ناخوازن دەخۆکە بەئاراستەی ئازی تەشەنە بکات ،چونکە بەهیچ جۆرێک لەبەرژەوەندیان نیە.
کەواتە چی بکرێت بۆ پاراستنی هەرێم و کەمکردنەوەی دەستدرێژی دراسە دوژمنەکانی کورد ؟
بۆای من چەند هەنگاوێکی گرنگ و هەنووکەیی هەن کە پێویستە بنرێن.
• یەکخستنەوەستی دووحیزبە سەرکیەکە[دەزانم ئەمە ئەستەمە]،ناکرێ دوژمنان بەناوی شوناسی کوردبوونەوە هەوڵی لەناوبردنت بدەن، بۆیە لەبەرامبەردا دووهەوڵستی جیاواز دوو سیاسەتی جیاوازی دژبەیەک هەبن.ناکرێ خۆک یەک تەوانینیان بۆ دراوسێکان هەبێت بۆیە دووحیزبەکە بەناوی ئەوانەوە بیربکەنەوەو بیاربدەن وبخوازن بیانکەن بەدووبەشەوە.
• جددیەت لەبیاردا،گەر پارتی بیاری بایکۆتی کاەای ئێرانی دەرکرد دەبێ جددی بێت لەجێبەجێکردنیدا ،نەک وەک تاکتیتێکی کاتی بۆکاری بەهێزت و پاشان پاشگەزبێتەوە لێی.
• گشتگیری هەماهەنگی لەجێبەجێکردنی بیارکاندا.لەزەنی زەرد بایکۆتی کاەای ئێرانی دەکەن بۆیە زەنی سوز مەش میوانی نیە.
• تورکیاو ئێران وەک یەک و بۆیەک ئەندازە دوژمنی کوردن ،جا هەر هەنگاوێک دژبەلایەک نراو لایەنکەی تری نەگرتەوە ئەوە بیارێکی لاوازەو هەر بەزووبوونەوەیش کاریگەری نامێنێت، بەنموونە دەمێک دەنگی بایکۆتی کاەا دێتە ئاراوە پێویستە کاەای هەردوو وەات بگرێتەوە نەک تەنها وەاتێک.
• مەژوو سەلماندویەتی کە بایکۆت چەکێکی کاریگەرە بۆ تایبەت بەکورد کە ناتوانێت بۆ چەکی تەقلیدی بەرەنگاری دوژمنەکانی ببێتەوە.لەوانیە هەندێک بپرسن ئەی لەکوێوە شمەکمان بۆبێت؟ لەوەامدا دەڵێم بەروبوومی ناوخۆ گەشە پێبدەن و پشتگوێی مەخەن وەک ئێستا،{لەشەستکان و حەفتاکانی سەدەی ابردوودا بەروبوومی عەراق بەکوردستانیشەوە بۆتایبەتی بەرهەمی کشوکاڵی هەندێ زەربووە هەناردەی وەاتانی دەرەوەکراوە} ،هاوکات دەکرێ لە ئوردن و میسرەوە کاەا هاوردەبکەن کە بەدنیاییەوە لەووی کوالێتیەوە لەهی هەردوو وەاتی دراوسێ باشترە.
• هەموو دەزانین تورکیاو ئێران هەموو جۆرە بەهانەیەک بەکاردێنن

بە دەستدرێژیکردنە سەر هەرەم،کە هەموومان دەزانی ئاست نین و بەهانەی لاوازن و تاسەتاش خودی هەردوو وڵات نەیانتوانیوە بیسەلمێنن،جا بە دوورخستنەوەی پریشکی ئەم ئاگرە پەویستە جارێکیتر یا جارەدنیاییەکیان پێ بدرێت [گەر قەبوڵی بکەن] کە هەرەسم مەترسی دروستناکات بەسەریان.بەڵام زەرگرنگە هەر بەڵێنەکیان پێدەدرێت لەسەر حسابی سەروەری خاک و خەڵک و کوردانی بەشکانی ئەو دوو وڵاتە نەبێت.

• هاوکات تادەکرێت دووركەوتنەوە لە ئەمریکا، چونکە ئەمریکا بە پاراستنی بەرژەوەندی خۆی لەدەڤەرەکەیە نەک بەپاراستنی کورد، بەسەلماندنی بەچوونەکەم ئەوەتا بەڵاکەتی دژەاکەت[پاتریەت] کونسخانەوفەکەخانەی هەریری پاراستوە، بەڵام بە باکە لەئاست بەئاماڵەنجگرتنی خەڵکی سڤیلدا.

• جا کەی ئەمریکا بەرژەوەندی نەماوەک چۆن ئەفگانستانی جەهەشت ئاواش بەباکانە دەڤەرەکە جێدەهێڵێت.

لەکۆتایدا گەرەکە بە بەرپرسانی ئێران بگووترێت کە ڕێگەی قودس بەهەولێردا تێناپەڕێت ،گەر دەتانەوێت لە ئیسرائیل بدەن ئەوە باساروخکانتان ئاستوخە بە ئەوە بهاوێژن ،شاراوە نیە کە ئێران خاوەنی چەندین جۆرە ئاکتێ ، یەکێک لەوانە ئاکتێی دوورمەودایە کە مەوداکەی [٢٠٠٠] کم و بەئاسانی دەگاتە بارەگای سەرکی مەساد.

کتێب\ ئەی ڕەقیب لێ نەوان جەستەی زمانو جەستەی نەتەوەدا.. عەبدوملوتەلیب عەبدوڵا

(چوار خوێندنەوەی جیاواز لە سەر بنەمای گفتوگۆو دانوستان)

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

Mutalib_AyraqibDownload

حوکمەتی هەرێمی کوردستان و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی.. لوقمان ئابڵاخی

هەر لە سەرەتای دروستبوونی حوکمەتی هەرێمەوە، ووتاری ئیقلیمیەکان پلان و بەرنامەی داڕێژراویان هەبوو بۆ لەناوبردنی ئەم حوکمەتەی کە دوای ٢٥ ساڵیش حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هەر بە حوکمەتە ساواکەی هەرێم وەسفیاندەکرد.
ڕژێمەکانی تورکیا، ئێران و سوریا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بە جدی کاریانکرد بۆ شتسکتپەهێنان و لەناوبردنی ئەو کیانە کوردیەی باشووری کوردستان کە ئەوان بە مەترسیان دەزانی بۆ ڕژێمەکانیان چونکە هەبوونی کیانێکی بەو شێوەیە کە توانای خۆبەڕێوەبردنی هەبێت و سەرکەوتوو بێت، لەبیکردن دەبوو بە دروستکردنی هاوتای ئەو کیانە لە باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان. لە ناو ئەراقیشدا ڕژێمەکەی سەدام حسێن هەر لە هەوڵی جدی لەناوبردنی ئەم کیانەدا بوو کە لەسەر داوا و بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی٣١ ی ئابی ١٩٩٦ سوپاکەی هێنایە پایتەختی هەرێمەوە بۆ ئەوەی بە هەموو جیهان بڵێت ئەم کیانە کیانێکی لاواز و هیچ لەبارانەبوو و شکستخواردووە و هەر کاتێکیش بیەوێت تێکی دەشکێنێت.
سەرباری هەموو ئەم پیلانگێڕیەی دوژمنایەتیەی ووتاری ئیقلیمیەکان و دژایەتیکردنەی حوکمەتی هەرێم، لە هەمانکاتیشدا ئەو هەموو فرسەتە مێژوویانەی کە لە باشووری کوردستاندا بۆ دروستبوونی بناغەی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان لە ئارادا بوو، حیزبەکانی کوردستان هەر هەمویان بۆ بە جیاوازی، بەڵام پارتی و یەکێتی بۆ پلەی یەکەم، لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە مێژوویانەدا نەبوون و لەباریان برد.
نەک هەر ئەمە بەڵکو حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش کە خودی ئەو دوو حیزبە خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، حوکمەانیان دەکرد و وەکو مانگایش سامانە نیشتمانیەکەیشیان دادەدەشی، شکستیان پەهێنا کە ئێستا وایلێهاتووە لە قاوغێکی بەتاڵ زیاتر چیدیکە نیە و ووردوخاشبوونیشی تەنها مەسەلەی کاتێ و هیچیتر.

هەر لە سەرەتاوە ئەوان لە جیاتی:
یەکگرتنیان بە دروستکردنی حوکمەتێکی تەکنەکراتی موئەسەساتی؛
بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری؛
یەکخستنی هێزی پێشمەرگەیەک کە تەنها وەلائی بە خاک و خەڵکی کوردستان بێت و ئاهەنگان و ئامادەکردنیان بە باشترین شێوە بۆ تایبەتی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان ئامادەبوون ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ؛
بایەخدان بە زانست و خوێندن و خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و پێشکەوتووانە؛
دروستکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی کە ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کورد ئامادەبوون تەنانەت بە خەباخشیش کاری بۆ بکەن بۆ مەرجەعی ڕێگریان لێنەکرێت و ڕێنجی فەرهادیان پێنەدرێت؛
ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەشێوەیەکی مەدێرن کە کشتوکاڵ وپیشەسازی و دروستکردنی بێنداوی زیاتر بەشێوەیەک کە هەموو سەرچاوە سروشتی و کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەک بەکاربهێنرێت کە پێویستی بە هاوردەکردنی هیچکام لەو بڕەهەم و کاڵایانە نەبێت کە لە ئێران و تورکیاوە خراپترین کوالیتێکیان دێنەرن بە کوردستان؛
بایەخدان بە ژینگە و بە گەشتوگوزار، بە هونەر و هونەرمەندان، بە وەرزش و وەرزشوانان بە دروستکردنی کەمپەینگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو و یەکگرتوو کە مرۆڤ تیایدا مافەکانی پارێزراوبێت و سیما سڤیڵ و شارستانیە ڕاستەقینەکەی کورد بە جیهان بخرێنە ڕوو،
بناغەی قەوارەیەکی دیکتاتۆریان بەم هەنگاوانەی خوارەوە دانا:
١-هەڵگیرساندنی شەڕێکی خیانەتکاری درێژخایەنی براکوژی کە سوتەمەنیەکەی خوێنی گەنجانی کوردستان و ئەنجامەکەی دشکاندن و دروستکردنی نائومێدی بوو لە ناوخۆ و لای دۆستەکانی کورد و سەرتای ئیفلیجکردنی ئەو پەرلەمان وحوکمەتە بوو کە هیوا و ئامانجی خەڵکی کوردستان بوو و چاوەڕوانی ئەرێنی و بە دامەزراوەییبوونی لەدەکرا. ڕێگە ڕاست وەڕوانەکە و دەسزی و خزمەت بە کوردستان لەوەدا بوو کە ئەو گەنجانە نەبوونایە بە سووتەمەنی ئەو شەڕە بەکەڵکوەرگرتنایە بە دروستکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.
٢-بە حیزبیکردنی هەموو دامەزراوە سەربەخۆکانی وەک خزمەتگوزاری شارستانی، هێزی پۆلیس و هێزی ئاسایش و سەربازی و بەکارهێنانیان بە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان.
٣-چەواشەکردنی خەڵک و بەباوکردنەوەی زانیاری هەڵە کە زەرجار لە خودی حکومەتی هەرێمەوە دەبوو.
٤-ئەوان دەستاتی جەبەجەکردنیان لە بنەماڵەکانیاندا قەرخکرد و

هیچیان بێ چەک و باڵانس نەهێشتووە، واتا پەرلەمان و دەزگا حکومیەکانیان گەندەڵ و ئیفلیچکرد و خستیانە خزمەت بەرژەوەندی بنەماڵە و حیزبەوە.
٥-سەرکوتکردن و سەرکوتکردنی ڕۆشنبیران، ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە بەرامبەر بە ناڕازایەتییەکان و جیاوازەکان. ئەوان ئازادی ڕادەربڕینیان لە پرەس و لە خەڵکەکە بە شێوەیەک قەدەغەکردوە کە هەر کەسێک بوێرێ ڕۆشنبگرێت، بە تاوانی ڕێکخراو(الجريمة المنظمة) کۆتایی بە ژیانی دەهێنرێت و دواییش سومعەی دەشکێنن.
لە باشترین سیناریۆشدا، بە تاوانی فابریکەکراو زیندانی دەکرێن.
٦- چەواشەکردنی خەڵکە بەشمەینەت و لاوازەکان و پەراوێزخستنیان و بەشەرعیەتکردن و پشتگوێخستنی پەویستی و داوا ڕەواکانیان. بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان، بەردەوام خەڵکەکەیان لەسەر بنەمای جیاواز، حیزبایەتی، ناوچەگەری، ئایین، ڕەگەز، و..هتد، کردوە بەگژیەکدیدا و بێئاگاکردنیان بەشێوەیەک کە خۆیان بەردەوام سامانی نیشتمانی دیزە بە دەرخونە بکەن و بەیشیان بچێتە سەر.
٧- پێشێلکردنی یاساکانی هەبژاردنکان ، ئەنجامندانی هەبژاردنکان لە کاتی خۆیدا، هەبژاردنکانیش پاک وبێخەوش نەبوون، ئازادانە نەبوون، دادپەروەرانە نەبوون و بەڵکو بەرامبەر دەنگدەران دەکرا و هیچ کاتێکیش بەڵێنەکانی پێش هەبژاردنکان جێبەجێنەکراون.
٨-لە کاتێکدا کە موزایەدەی سەقامگیری و ئاسایش بەسەر کەمەڵگاوە دەکەن، خۆیان بەردەوام خەریکی دروستکردنی جیاوازین و خەریکی دابەشکردنی خەڵکن و هانی توندوتیژی دەدەن. سەیرلەوەدایە کە سەرکردەی ئەو دوو حیزبە لە پێشبڕکێدا بوون بۆ ڕۆکخستن و یەکگرتنەوەی نەومالی عەرەبی شیعە و سوننە و دروستکردنەوە ئەو ئیراقەی کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە شکستخواردوو و ناسەقامگیر بوە و سیاسەتی عەرەباندنی پیادەکردووە لە باشووری کوردستاندا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە نەو مالی کوردی بەهەی ئەو شۆڕشە شوومە وەرانکارە ناوخۆییەی کوردستانەوە کە ئەو دوو حیزبە بەرپایانکردبوو، کوردستان پەرت و دابەشکرابوو بە دوو زۆن کە وەکو مۆکی خۆیان و بە بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان و حیزبەکانیان بەکاریاندەهێنا.
٩-بوون بە کێڵەی ووڵاتە ئیقلیمیەکان و جێبەجێکردنی ئەجێندا کانی ئەوان لە کوردستاندا لە پێناوی پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتەکانیان. لە ڕاستیدا دروستبوونی ئەو هەموو حیزبە ئیسلامیە ئیخوانی و سەلەفیانە بە پەرەپێدان و گەشەپێکردنی ئیسلامی سیاسی لە باشووری

کوردستان کە بەشێک بوو لەو پلانی ووڵاتە ئیقلیمیەکان بە شکستپێهێنانی حوکمەتی هەرێم بەتایبەتی لەو کاتەدا کە هەردوو ووڵاتە ئیقلیمیەکە ئاگری شەڕی براکوژیان بە پێدانی چەک و تەقەمەنی بە حیزبەکانی ئەو دوو بنەماڵەیە بەتینتر دەکرد کە قەیرانی گەورەی ئابووری و کەمڵایەتی دروستکرد و قەرانێکی سیاسی درێژخایەنی لە کوردستاندا هێنایە کایەوە. ووڵاتە ئیقلیمیەکان و ووڵاتانی کەنداوی عەرەبیش سەرچاوەی دارایی ئەو حیزبە ئیسلامیانە بوون، لە جەنگی ئەو یارمەتیانەوە ئەو حیزبە ئیسلامیانە لە کوردستان گەشیان کرد و سەلەفیەت و ئایدیۆلۆجیای ئیخوانی و ئیسلامی سیاسیان لە کوردستاندا بەهاوکردەوە کە مەبەست لێی دروستکردنی ئەسپی تەروادە و جەنگرتن بوو لە پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستان.

١٠-دروستکردن و گەورەکردن و زەرکردنی قەیرانەکان بە ئەندازەیەک کە خەڵک تەواو بێهێش و بێئاگا و بەدەستەوە و زەلیل بن و لە کەتاییدا ئەمەندە نائومێد بن کە خەبەن بەدەست ئەو بارودۆخە ناهەموار و نائاسایی وسەختەی کە ئەو حیزبانە بە بەکارهێنانی حوکمەتی هەرێمەوە خوقاندوویانە.

١١-هاوردەکردنی کرێکاری بیانی و بەکارهێنانیان بە جەنگرتن لە خەڵکی کوردستان و ناچارکردنی گەنجان کە جەنگی هات و نەهات بگرنە بەر، کوردستان بەجێبهێڵن و کەچی هەندەران بکەن.

١٢- دروستکردنی چینێکی تەماح بەناوی کارمەندی بندیوار بە بەدەستهێنان و کۆیلەکردنی ئەو چینە، هەروەها بە دیزە بە دەرخونە کردنی گەندەڵیەکی زەر بەناوی مووچەی بندیوارەوە کە لە دواییدا مامۆستایان و مووچەخۆر و کارمەندە هاستەقینەکان و بەشی خوەندنی گشتی باجەکەیان دا و زیانێکی زەر گەورەیشی گەیاند بە ژێرخانی ئابووری باشووری کوردستان.

١٣-نەهێشتنی بەها نیشتمانی، نەتەوەیی و خەزانیەکان.

١٤- لە پێناوی سپیکردنەوەی پارەدا بە عەرەبساندنی کوردستان لەجەنگەی یەکە جەنشینەکانەوە.

١٥- لە دەستدانی هەموو ئەو خاکە کوردستانیانەی کە بە گەمژەیی سەرکردە کوردەکان نازناوی (ناوچە جەناکی)یەکانیان بەسەردا دابڕا و شەرعیەتی خاوەندارێتیە کوردیەکانیان خرانە ژێر پرسیارەوە.

وە هەر هەموو ئەو هەنگاوانەمان بینیوە کە لە کوردستاندا لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا پیادەکراوە.

کارەسات لەوەدایە کە حوکمەتی هەرێم کە ئاواتی خەڵکی کوردستان بوو، نەک تەنها لە باشووری کوردستاندا بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تری کوردستانیش، پێکهێنەرەکانی ئەو حوکمەتە کە خودی حیزبەکان

خەیان بوون، هەکاری سەرکی بۆ یزیکردن بۆرامبەری، لاوازکردنی و شکستپێهێنانین.
هیچ شتێک نەماوە ئەو حیزبانەی کوردستان ناشرین و قەزەونی نەکەن وە مافی ئەوانیان پێبدات شانازی پێوەبکەن. ئەمجارە هەموو هەوداوەکان لە سایەی شۆشی تەنکنۆلۆجیا و ئینتەرنێتەوە لە ئارشیفی دیجیتاڵدان و هیچ پاساوێک دادیان نادات.
هەموو ئەو هەوڵانەی دوژمنانی کورد کە پارە، کات و ووزەیەکی زۆریان بۆ تەرخانکرد بۆ داگیرکردنی کوردستان، بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی و بۆ شکاندنی کارەکتەر و دەروونی تاکی کورد و نائومێدکردنیان، بۆ درێژایی مێژوو شکستیان هێنابوو بۆیە ئەم حیزبانەی کوردستان هەموو ئەو خەون، ئامانج و ئۆجێندایانەی دوژمنانی کوردیان لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا هێنایەدی و جێبەجێکرد.
حیزبەکانی کوردستان، لە ئاستی پیرۆزی خوێنی شەهیدان و قوربانیەکانی ئەنفال، کیمیاباران و کۆمەڵکوژیەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا نەبوون، لە ئاستی هەموو ئەو چەوسانەوە و نەهامەتی و ئازار و ئێشکەنجانەدا نەبوون کە خەڵکی کوردستان لەسەر دەستی دوژمنانی کورد ڕووبەڕووی بوونەتەوە.
هەموو کار و کردەوە و ڕەفتار و ئاکارەکانی حیزبەکانی کوردستان هەکاری سەرکی لەناوچوونی حوکمەتی هەرەمی کوردستانە کە ئەویش خواست و ئامانج و ئۆجێندای دوژمنانی کورد بووە بۆ ئەوەی بڵێن کورد توانای خۆ بەڕێوەبردنی نیە و شایانی خەسڵەت و خەبەرەوبەری و حوکمەانی دەوڵەتی نیە بۆیە پێویستە هەمیشە ژێردەستی تورک و عەرەب و فارس بن.

لوقمان ئابەاخی
٢٠٢٤/١/٢٥

شیعری منداڵان لە مێژووی

ئەدەبی کوردیدا، کتێبێکی گرنگ و ناوەڕۆک دەوڵەمەند.. ستێم خامۆش

کە باسی شیعری منداڵان دەکرێ، ئەوە زۆر ئاسان دەتێ پێش چاو، وەک بابەتی هەموو کەسێک دەتوانێ بینووسێ، بەڵام ڕەنگ پێچەوانەکەی ڕاستێ، کە هەرگیز ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە نووسین بۆ منداڵان پێش هەموو شتێک، لێزانینی و بەرپرسیارێتییە، هەروەها شارەزابوونێ لە: (هزر، زمان، دەروونی منداڵ)، بۆیە زۆرێک لەوانەی شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە، تەیدا سەرکەوتوو نەبوون.
شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (زیاد ڕەشاد قادر)، بە سوود وەرگرتن لە (١٠٠) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی، کتێبی (شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا) نووسیوە، لە سەرچاوە کوردییەکانیش سوودی لە هەردوو دیالێکتی (سۆرانی و کرمانجی) بینیوە، ئەو کتێبە لە بنەڕەتدا تێزی ماستەری نووسەرە، بۆیە هەوە و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە. ئەگەرچی وەک نووسەر خۆی لە پێشکێیەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە لە کاتی گەینی تووژینەوەکەی لە کرمانجییەوە بۆ سۆرانی هەروەها گەینی لە ئەلفبای لاتینییەوە بۆ عەرەبی، هەندە بەگە و تایتەی دەستکاری کردووە.
کتێبەکە جگە لە گرنگیی ناوەڕۆکەکەی، لە ڕووی دیزاین و وێنەی بەرگ و جۆری کاغەزەکەی، زۆر باشە و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشە.
شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کتێبەکە مێژووی نووسینی شیعری منداڵانی کورد، بە شێوەیەکی ورد و زانستیی دەخاتە بەر چاوی خوێنەرانی کورد، دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ تێگەیشتن و سوود وەرگرتن لە ژانری شیعر لە ئەدەبی منداڵانی کورددا لێی بڕوانرێ، بۆ تایبەتی بە ئەوانەی گرێکیانە لەبارەی ئەدەبی منداڵان شارەزایی باشتر پەیدا بکەن، یاخود ئاگاداری سەرەتای دەستپێکی نووسینی شیعر منداڵان بن لە ئەدەبی کوردیدا.
زیاد ڕەشاد قادر، بەر لەوەی تووژینەوە لەبارەی ئەدەبی منداڵان بکات، پێشتر شیعری بۆ منداڵان نووسیوە و پێشینەی هەیە لە خزمەتکردنی منداڵان، ئەمە جگە لەوەی ماوەیەک بەڕێوەبەری نووسین و دواتر بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری (جگەرگۆشەکان)، کە لە ماوەی دەرچوونیدا (٢٧١) ژمارەی لە بەر کراوەتەوە و دیدەی منداڵانی پێ ڕەشن بووەتەوە، بۆیە «زیاد ڕەشاد قادر» جێدەستی دیارە لە

خزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کوردیدا.
نووسەر، لە پێشکەی و لە لاپەڕە (٩)دا دەڵێ: ((ئەم باسە جگە لە پێشکەیەک، لە دەروازەیەک و شەش بەش و ئەنجامگیری پێکهاتووە)).
لە لاپەڕە (١٣، ١٤، ١٥و ١٦)دا لە بەشی دەروازە، بەناونیشانی (منداڵ و قەناخەکانی ژیانی منداڵ)، زۆر بە وردی باسی چەمک و پێناسەی منداڵی کردووە.
لە بەشی یەکەم بەناونیشانی (چەمک و تایبەتمەندی و دیرۆکی ئەدەبی منداڵان)، لە لاپەڕە (١٧ تا ٤٧) ئاوڕی لە چەند کتێبێکی ئەدەبیی منداڵانە و چەند نووسەرێکی جیهانیی داوەتەوە، پاشان چەند ناونیشانێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش دەکەونە پێش چاو، لەوانە: (ئەدەبی منداڵان، پێناسەی ئەدەبی منداڵان، قەناخی بەر لە سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان، پەیدابوونی ئەدەبی منداڵان لە دونیادا، ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەوران، نووسەرانی منداڵان و منداڵانی نووسەر، تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان، هونەرەکانی شیعری منداڵان، شیعری فەرکردن، شیعری گاتەو گەپ)، بە هەر یەک لەو ناونیشانانەی سەرەوە، بە جوانیی لەبارەیانەوە دواوە و ڕاڤەی پەیوەستی بە کردوون.
لە بەشی دووەم (١٩٢٠ – ١٩٥٠) کە لە لاپەڕە (٤٨ تا ٩٧)ی بە تەرخان کراوە و ئەو ناونیشانانە دەبینرێن: (ئەدەبی منداڵانی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا، فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی منداڵانی کورد، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد، ئەزموونی ئەدیبی منداڵانی کورد).
دواتر باسی چەند نموونەیەک دەکات، کە شیعریان بە منداڵان نووسیوە و ئاوڕیان لە زارەکان داوەتەوە.
هەر لە بەشی دووەمدا، لە لاپەڕە (٦٥) نووسیوێتی: ((ئەم قەناخە لە نیوەی دووەمی سەتەی حەڤدەیەمەوە دەست پێدەکات، واتە لە (ئەحمەدی خانی)یەوە دەست پێدەکات تا بیستەکانی سەتەی بیستەم)).
لە نموونەی یەکەمدا باسی ئەو شاعیرانە دەکات: (ئەحمەدی خانی، مەلا خدری ڕواری، شیخ مارفی نۆدێ، مەولەوی).
لە نموونەی دووەمدا (١٩٢٠ – ١٩٥٠): ئەو ناوانە دەکەونە پێش چاو: (زەوەر، پیرەمەرد، مەلای گەورە، عەبدوڕەحمان بەگی بابان "بابە" موفتی پەنجوێنی، شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی، حوسێن حوزنی موکریانی، عەبدولواحید نووری، بەکەس، شێخ نووری شێخ ساڵح، دەدار، عەونی، کامیران بەدرخان، جگەرخوێن...).
لە نموونەی سێیەمدا (١٩٥٠ – ١٩٧٠): دەڵێ: ((ئەم قۆناخە لە «گەران»ـەوە دەست پێدەکات)).
دواتر ئاماژە بە چەند ناوێکی دیکە دەکات، وەک: (ئیبراهیم ئەمین

بادار، هژار، کاکەی فەلاح، فەرەیدوون عەلی ئەمین، ع.ع. شەونم… هتد).
لە نەوەی چوارەمدا (١٩٧٠ – ١٩٩١): ئاماژەی بە چەند ناوێک کردووە، کە ئەوانیش لەسەردەمی خەباتدا خزمەتیان بە ئەدەبی مندالان کردووە.
لە نەوەی پێنجەمدا (١٩٩١ – تا ئێستا): دەڵێ: ((دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر زیتر قەڵەم و دەنگی تازە دەرکەوتن)).
ئاماژەی بە ناوی زیاتر لە (٤٠) شاعیر و نووسەر کردووە، کە توانیویانە لە ساڵی (١٩٩١)ـەوە تا ئێستا خزمەتێکی باش بە ئەدەبی منداڵان بکەن و زۆر شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە، لەو کەمەی ناوەی کە ئاماژەی پێکردووە، نووسیویەتی: ((ئەمین محەمەد بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند و جیاواز لەگەڵ منداڵان دەئاخفێت))، بۆیە لە بەشێکی تایبەتدا زیاتر لەبارەی «ئەمین محەمەد»ەوە دواوە.
بەشی سێیەم: لەو بەشەدا «زەوەر»ی شاعیری بەسەر کردووەتەوە، کە لە لاپەڕە (٩٨ تا ١١٤)ی بە تەرخان کردووە، جگە لە ژیانناماکەی، لەکەینەوەی لە چەندان شیعری کردووە و بە وردیی لەبارەیەوە دواوە.
بەشی چوارەم: لەو بەشەدا، کە لە لاپەڕە (١١٥ تا ١٤٤)ی بە تەرخان کراوە، «گەران»ی شاعیری بەسەر کردووەتەوە و نووسیویەتی: ((ئەو یەکێکە لە پێشەنگە دیارەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەتەی بیستەمدا، هەروەها جێدەستی دیارە لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورددا)).
بەشی پێنجەم: لەو بەشەدا، کە لە لاپەڕە (١٤٥ تا ١٧٤)ی بە تەرخان کردووە و باسی «لەتیف هەمەت»ی شاعیر دەکات، تێیدا قسە لە زمانی شیعریی هەمەت دەکات بۆ منداڵان، هەروەها لە چەندین نموونەی شیعرییدا دیاردەیت ئەوە بۆ خوێنەر بکات کە ئەو شاعیرە لە پاڵ هونەر و ناوبانگی تایبەتی خۆی لە ئەدەبی گەوراندا، هەروەها لە ئەدەبی منداڵانیشدا پێشەنگ و داهێنەرە.
بەشی شەشەم: لەو بەشەدا، کە لە لاپەڕە (١٧٥ تا ٢٠١)ی بە تەرخان کردووە و باسی ژیاننامە و تواناکانی بە چەندان شیعری «ئەمین محەمەد» کردووە.
هەرچەندە ئاماژەی بەناو و بەرهەمی چەندان شاعیر کردووە، کە ئاوێیان لە ئەدەبی منداڵان داوەتەوە، بەڵام هەر چوار شاعیر (زەوەر، گەران، لەتیف هەمەت و ئەمین محەمەد) بوونەتە جێگەی بایەخ و زیاتر لایان لە کراوەتەوە و زۆرتر لەبارەیانەوە دواوە، چونکە لە تەزی ماستەرکەی نووسەر، ئەو چوار شاعیرە بە نموونە

هنراونەتەوە.
لە هەموو بەشەکان زۆر بە وردی باسی کەمەکی شاعیری کردووە، کە لە سەردەمی خەیاندا شیعریان بە منداڵان نووسیوە و ئاوەیان لەو بوارە گرنگە داوەتەوە، تەخنەی لە بەشەکیان گرتووە و سەرنج و تێبینی لە چەندان شیعر هەیە.
لە ئەنجامگری، دەڵێ: ((هەموو ئەو شاعیر و چیرۆکنووسانەی کورد کە تاکو تەرا بەرهەمی منداڵانەیان نووسیوە یا چەندین کۆشیعر و کۆچیرۆکیان بە منداڵان بەاو کردووەتەوە، هیچیان نووسەر و شاعیری تایبەت بە منداڵان نەبوون)).

دوا وتە:

- وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کە کتێبێکی پێویست و پێ بایەخە بە ناسینی شیعری منداڵان، چونکە پێمان وایە ئەو کتێبە گرنگیی خۆی هەیە بە کتێبخانەی کوردی و گۆشەسەندنی زیاتری ئەدەبی منداڵان، بۆیە شایانی لێکۆڵینەوەی زیاترە.
- ئەو کتێبە لە (٢٢١) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند پێکهاتووە و بە زمانێکی سادە، بەڵام بە ئێکادیمی نووسراوە و لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندیی، زۆر باشە، چونکە نووسەر خۆی شارەزایێکی باشی لەو ڕووەوە هەیە.
- بە هەر هەکارێک بە نەیتوانیوە دەستی بە هەموو ئەو بەرهەمە چاپ کراوانە ڕابگات، کە بە منداڵان نووسراون، بەڵام تا ڕادەیەکی باش کەمەکی ناوی ناسراو و دیاری لەو کتێبەدا جێکردووەتەوە و هەندێکیان وەک پێویست ناسراو نین، وە چەندان شاعیری ناسراوتر و خاوەن بەرهەمی جوانتر، ناویان لەو کتێبە تۆمار نەکراوە.
- هەرچەندە ناوەندێکی چاپەمەنیی و بەاوکردنەوەی ناسراوی، وەک (دەزگای چاپ و پەخشی نارین) لە ساڵی (٢٠٢٣)دا چاپ و بەاوی کردووەتەوە، بەڵام چەند تێبینی و سەرنجێکمان لادروست بوو، لەوانە:
- ژمارەی سپاردنی لەسەر نییە، کە پێویست بوو هەبێ.
- تیراژێکی نەنووسراوە، بەڵام بە زارەکیی بە نووسەریان گوتووە، کە (٥٠٠) دانەیان لە چاپ کردووە.
- شوێنی چاپ، نەنووسراوە.

دەخەکان.. شیعری سەباح ڕەنجدەر

1

چەند شووشەیەکی ڕیزکراوی سەرڕەف
کە لە مەزەخانەدا کوژران
لە دەنگی خەیان بۆئاگاهاتن و گوتیان دیوار هەوری بۆتابوو نییە
تاووسەکی بەرچاووون لەسەر چەتری چرای بەندیخانەدا
هەلانەی لەسەر شەوەی شوانپەی یار چەکردووە
لە پەخەفی چاوی بەندییان دەنوە و گریان دەکاتە خوون و دواخوونی
بەندییان دەبینە
پەی بەندییان کاروانسەرا دەناسن و دەیانەوە ئاگر ببینن
دەماری دەیشیان هەزی ئەو لەشکرەیە ئازارمان بەرزدەکانەوە و
بەرزایی دەکانەوە
نیازی دەموچاویان ئاشکرا و درەوشاوە و درژە بۆژیاندان
چەناگەشیان لەناو شیشی زیندان دەرهەناوە و کردوویانەتە تابلەی
ڕەگاوبان
ئەم تاووس و هەلانەیە بەیان بووەتە
جەربەزە و جەزرەبە
جگەرگەشە و لاشە
یاقووت و تابووت
پەنا و پەتا
چووم دەست بە گەنجینەی هەلکە ببەم
دەکم لە پەی ڕاچوو
دەکی زامی نازی ئەشق و خەمینی بەپەروایی
ئەشق دژایەتیی ئاشقدەکات و ئەم دەخاتە جەگای ئەو
بە حەپەساویش بە چواردەوری مەرگ ڕادەوەستەت و لە بەرزی و نزمی
چاوەوانیدا دەمەنەتەوە
دە لە قەپەللکی هەلکەشدا دەسکە و دەبەتە جەنگەی بەهار
من ئەم جەنگەی بەهارە هەتا ناو دەی دەناسم
لە ژیانمدا نەمدیتووە بەهار ئەوەندە دەپە بخەمە
نەشمدیتووە باران ئەوەندە نەرمونیان ببارە و جادووی دەستم
بەسەردا بگرەت

شەوکارەکی ئاسۆ پڕ تانوپۆ و دەموچاو ووون بە ڕۆن و خۆی نان
تابلۆی هەڵکەکانی لە چرکەی تروکاندا کەشا
بەندییان دوای ئاوی لێو چاڵ ڕەش هاتنەدەر
پەکی ئومێدیان خواردەوە و ژیان ووون بووەوە بە
نەوا و ئەنوای ئەزەل و غەزەل
تابلۆکەیان کەی
بە نیازی کتێبی ڕەنوێنی لە نزیك دەیان هەڵیانواسی
پڕ نابەتەوە لە هەست و یادەوەرییان
ئاوازی تاووس لە سەرتای هەڵکە تروکان
دەستی کە بۆنی چیلکە و پووشی هەڵاڵەی تەکەڵاون
بەسەریان دادەهێنت
تا ئێبەد ژیان لەناو ئاوازدا بەسەردەبەن
گۆشە لە خورپەی خۆشبەختیی ئاوازدا دەنوێ و پشوودەدات
دەکرێت گوێ لە دەنگەك لە ئەزەل و دەنگەك لە غەزەل ڕابگرن
بەئاوازەکیش ڕازی بن
ئاواز باس لە شوێنەکی پارەزراو دەکا
تێیدا تەماشای هەناوی ئاو دەکەین
ئاویش لەبەر خاتری ئەمێی نامرێ
بەگەرمی دەی دەمانژینێت
لە جەشنی ئەمەش پڕ ڕەنگە
سەبەری تاووس لە خەی دڕچە و ڕەنگاوڕەنگە
سەبەری تاووس لە خەی ناچە و ڕەنگاوڕەنگ نییە
لە گەرمایی شەرابدا ڕازم لە زمانی چرا بیست
تاووس لە بەشایێدا دەگەڕێ ڕەنگی ئەشق دادەڕژێ
چی لە تاریکیدا هەیە
تاووس لە بەشایێدا دەگەڕێ ڕەنگی دە دادەڕژێ
چی لە تاریکیدا هەیە
لەسەر جەستەی ئەشق و دەیش ڕەنگی بەداری دەڕوێ
دەخەش بە شکەتم لە ئەشق و دە هەڵگرتووە و ئەشق و دەیش دەبنە ڕابردوو
ڕابردوو مەمی پێیە بە ئاگری بەهەشت دایدەگیرسێنێت
ئەشق و دە داگیرسێن با تاریکی دەستمان بەسەردا نەگرێ و بەڵەمی ڕاوێ ماسی نقووم نەبێت

ئەی ئاواز لە ڕووی فرمێسکی سارد و گەرم دامەنە

چاوی جیهان کە لەمندا دەبەتە دە
سەرەتای هەفتە بە ئەستێرەی بچوکنە
کەتایی هەفتەش بە مانگ
لە بەراوررددا چاووانم ئاو شتانێی بەدرزی دووە دڵن و دڵان
حەواوای خودا و
بەنی خەشی شوکنپەی یار و
شووڕەی مرواریی حەفتەرەنگ و
دڵخورپەی مەستانم لەنزیکبن
ئەستێرە و مانگ و نان و ئومێد و تاسەی دوا نزا و تەزوو بەخشین و
چاوی کەگەی تەڵ
خاوەن هەموو ەوخسارەکن
دەفتەری مەشق لەباوەش دەکەنەوە و خوەنگەرمی دەدەنە
دەفتەری مەشقیش گەرماییەکی ئەفسانەیی تەدایە
شاو و ەاژ لە مامی نیوە سووتاوی ەەبوارانی یەکشەوەدا یەکتریان
ناسی و کاتیان دابەش کرد
وەك دوو خوشك و برای لە خوەنی پشت هاوهەست و مەشقی زەر لە ژیاندا
ماو
بەوچان لە ەووباری قووە دەدەن و فرمێسکی سارد و گەرم دەپارەزن
منی زەر بەسەرخەدا زاڵ
وەك پەغەمبەرەك سەرگەرمی سرووش وەرگرتنبەت
چوومەتەوە ناو دەی خەم و پەستم وەك چەتر بەسەر ەووبەرکی تەواو
خرەشاودا هەدا
هەستدەکەم هیچ شتەك دوایی نەهاتووە
دەموچاوی ساکاری عەرد و ئاسمان
تا خودا دەڵ بەس سپین
پەڵەی ئەمەك و نمەکیان لە خە پەچاوە و لە نەتەی ئاوازدا پشوو
دەدەن
هەوەدەدەم سەرنجی دەموچاوی ساکاریان بدەم و بیاناسم
پاشان ئارام و هەمن لە هەتاودا مەڵە بکەم و لەگەڵیاندا بژیم

3

دەوەزەی چرا کوژایەوە
خەی لە ماڵی ئەسك و پرووسکدا شاردووەتەوە و زمانی هەردوو ەووی
ئاوەنە دەزانەت
دەشیەوە بە زیندوویی بمانخوات
تاووسەوان پەڵەی تاووسی شووشت و ەەیشت تا ئەو شوەنە ەەیشت

هەڵکە تیدا وەك نزیکبوونەوەی گەرمی لە دە دەبریسکێتەوە و
دەبێتە سروشی فەرموودە
دڵچێتە سەر قەڵای هەڵکەی و تەماشای ژیاندەکات
پاش دەستبازی و چاوبازی لەگەڵ ژیان
وەك ئاوەی خوناو بێت لەناو چاوی هاونبوەوەی پەیامەك
دڵچێتە بەر خەری گیانبازی
دەڵوات تا ئاو شۆنە دەڵوات
خودا گوێ لە ترپەی دڵی دەگرێ و هەنگوینی سەربڵی مەڵی خشخەبەر
دەژێتە شووشەی ماڵان
ترپەی دە چەند بارسووکە
بە خوناوی هاونبوەوەی چاوی مرواریی لاوێنرایەوە
دەمم تا ئاو شۆنە دەم
دە بەر نائومێدی ناکەوێت
مەستیی تاووس دەکەمە بەهرە و پەیام و گۆزەی خەمینی شرابی تووی
ەش
ئاوازەکی نەرم سەری گەرمم ئاوەشێندەکا
تاووس هەر لە ئاسماندا دەڵوات
لە سروشتی نەشواویشدا دەنیشتەوە
من بەدەنگی خیاڵ دەیدوێنم و باڵی سووکدەبێت
بە هەستان و باوەشێنکردنی هەڵکە و هەڵانی
تاووس باری ئەمی لەسەر باڵی هەڵگرتووە
داوە مووی ناەشنی نەوان ژیان و مردن ادەکەشێت
سووەی دەوران خشتر و نهێنی هەستیش ئاشکرادەکا

4

ژیانی من چەند لە سادەیی شەو و ەژ دڵچێت
وا بەپەڵە و نەرمەغار بەرەو نەمان دەڵوا و درەنگیش لە خەو
هەدەستە
هەشتان خەری هەگربوون و خەونکم
نەگەیشتووەتە نیوەڕۆ گەرمم بکاتەوە
ئەستێرەی شەوم دەژێتە
نسرەکەوە و سەرمام دەکاتەوە
دیسان بەسەرچاوی داخراوی ژیاندا پەرتدەبمەوە
داد
دادی دە و ازەکی مات لە سەکەیەکی ووناکدا هەبەز و دابەزی
پەنجەم لەسەر شمشادا ببینن

وەك ئەفسانەیەك دەخەوم و لە مرواریی حەفتەنگ دەگەم
كەمكیش گەردەنی لاری گوڵی مەرگ و دیدار بەندەكەم
دەركەون ڕووناكی سەكە و دیداری خودا دەركەون
لەبەرچاوم شاراوە نین دەرگا و پەنجەرەی ماڵ بەر و پشتی دەستمن
من لە ئەوەوە لەژیان گەیشتم و دوانیگاشم لەسەر ئەوەیە
هەر تەنیا هاوارەك دەبیستەت و بەس
هاوارەكی بێئارام
هەر تەنیا دەركەوتنەك دەبینەت و بەس
دەركەوتنەكی بێئاكام
حیكمەتی گەلایەكی دادی دە بە هاوار و دەركەوتن
پێش تۆفانی نووح
لەژێر ئاسمانێكدا كە هەموو دڵنگەكانێ
بەدام شین زاڵن
دادی دەم بەخەبەر هاتووە و سەری ناڕەزامەندی ئادەمشنێ
نەخش و نیگاری ترسەكی درژخایەنی ڕشتووە
دەشبینەت بەردی دیوارەكان دەكەون
ئای درەختی ئاسوودەیی سەبەرت لە پیادەم نەكرد
پیادەی دەبینی چەند لە سادەیی شەو و ڕۆژ دەچێت
ئەوەندەش دە هەگوشراو و بێپەنای
ئەی مایەی ڕەنج و بەهرە و ستایش و بریندی پیرم

5

فرمێسكی تامەزرۆیەم لەبەر چرای ڕێگای كەچی یاران زەر ڕشت
فرمێسكی تامەزرۆیی
لارەلار نەیەیت و سەد دەم نەكەیت
ئاگات لە دەستم بێت
مەیی مانم بەدەستەوەیە
پەیمان ئاگرم و چاوی داگیرساوی سەر تەنافم
ڕوونە بەدیاری و خەڵاتی بەخشندە
چاوی داگیرساوی سەر تەناف بەخشندەیی زەر و وێنەی پاكیزەیی پەیە و
دەمانگەنەتەوە
یەكەم ئەرزی درەوشاوە بە كەگە و
یەكەم گەمی گەرمبوو بە مەلەوانی و
یەكەم شەی پەپوولە و كلە و
یەكەم شیری هەوێنبوو
دێت

گوڵك دێت
گوێبەدەستەكە وندەبێت
دەچێت چرای ڕێگای كەچی یاران گەشدەكاتەوە
ماندوو دەبێت و لەناو یەكەم دڕوشانەوەدا پشوودەدا
دەیەوێ بزانێت دووریی نێوان هەڵچوون و ڕاچوون چییە و چەندە
یان كامیان وشەیكی دووچاو ڕاكشاوە
بزەی ڕەزامەندی بەڵەوەوەیە
دەچێتە دەستی گوێبەدەستە ونبووەكەوە

6

درەخت گەڵا و لكی خۆی سنووردار ناكا
دایكە حەوا ئاوێنە و زایەڵەی هەموو ناوكانێ
جوانیی خۆی لە ڕوخساری جواناندا ئاشكرا كردووە و پێكی ئومێدی بە تێكردوون
باوكە ئادەمیش لە خۆی مەستی یەكەمین ڕوان
ئاوازی بە گەرانی ژیان دانا و دەنگی زرینگایەوە
ئەوەی گەرانی نەبیستێت ئاگری مەست نابێت و ناوڵەپی خۆی ناناسێت
زەوی كراسێكی نیگا شەرمنی وەك دایە حەوای پێشیوە
لە یەك بزر نابین
ڕەز جوانیی میوەی خۆی دا بەهەموان
توانی زەمین بكاتە بەهەشت
ئەرێ
پەیامنێری بەهەشت و
كاتژمێری دەستی مردوو و
گەڕپی كەنان و
بەردی بیرەوەری چی دەڵێن
بەیارمەتیی هەزی خودایی نیگا گەرم بكەشنە هەناوتانەوە
ئارام و هەمن بە شوێن نیگای گەرمەوە دەم
بەهرە و پەیامم بەیە هاتنم لەرینەوەی هەیە و وزە دەبەخشێتە ڕێگا
هاتوو وەك باڕكی شكاو یەخسیری نیگایەكی كەمەك ڕووناك
ئارام و هەمنیش لەبەر گەرمایی نیگا دیاری و خەڵات وەردەگرێت
دەشزانم نیگا ئاشق دەكاتە تیشك و پەووی هەڵدەداتەوە
لە ماڵی ساكاری تەمەن لەگەڵ كەچی ئەستێران لە خۆو هەستاوم
دەم دەست بە ڕووەوە مانە
ئاگر لەژێر پەدا بكوژێتەوە
دیاری و خەڵاتی نیگایە و پەستی وشكی زەوی تەدەكاتەوە

شکێی نیگا و سۆی تۆ لێ تەماشاتان پاراوبوویمە
بەباشی کاتی دیاری و خۆات دەناسم

7

لە پیاڵە و مەیی سینەتدا باڵی مەلێ بهاوەم
پەلەکوتەی نقوومبوون بمگرێت
هەشوو سروشی خۆگرتنەوەیە
هەشوو ناودەنەم خانەی زیندووی لەش و بەنوبەرامەی شونپەی یار
بەردی بەجەماوی بەناگاەی و چاوەزار هەدەگرمەوە و لە قەمەی دەبەستم
تا ئۆپەی خوان و گشت داوەتیدەبم
ئەمە نە ەووگەیە نە ەووگەنما نە دووربین نە بەنی قوفە نە لکەکی
شکاو لە درختکی بەئاگا نە ئەسپبازی نە مەیدانخوازی
ژیانێ هەدەقوڵەت و دادەبزێتە سەرناوچەوانی ەوونا کی
لە سەرمایەکی کپدا چەلەکەی سەبوو گەرمدەکاتەوە
جریوە و جووکەش هەکاریی سیمامان دەکەشن
چەلەکە چاوی لەبەر پەی خەی ناگیرسێتەوە و گفتوگەی پیاسە ناگەتەوە
قوربانی و نزا و دروود و چلچرا و مژدە بەسەر باڵیەوەن
من قەت نەمزانی چەلەکە لە چی ەادەمێنەت
جریوە و جووکەشی لە چیدا دەبەتە نەوا و ئەنوای ئەزەل و غەزەل
دەچمە داوەتی خوان و گشت و بینینی
ئەوارانی بەرەو گوندبوونەوەی مازووچنان

8

تەواوی شەو مەلە و دەگەمەی کرد و بە دەموچاوەکی تەواو کراوەوە
لە ەخ چەمکدا هاتەدەر
ئەستێرە و مانگ تا بەرەبەیانی هەزار ەنگ
بە دەرکەوتنی یەکەم ەوخسار و ەووخشیی پەری دەخرشان و زمانەکی
تریان دەبوو
منیش لەپەستی تەنك و ئاو لەسەر نیشتووی مەیخانەی دە
کە دەرگای بە ەنگی ەازی ورووژاو ەنگکراوە
سەیری خرشانی
پەیامنەری بەهەشت و
کاتژمەری دەستی مردوو و
گەپی کەان و
بەردی بیرەوەری دەکەم

وەك كوڕەك لە چەپڕەی خرۆشاندا بزردەبم و هاواری چاوساغکەم
چاو دادەخەم و دە دەکەمەوە
ئەفسوونەك دەبەتە ئەسپی یال و بژ ئەستێرەی ژاو و وتووێژی ساکاری دیدار
لە کەژگەی گەرم و مەستی ئاوتێگەڵاوت ئاڵای سپی هەڵدەدەم
داخی داخان لەم جەنگەدا تفەنگم لە شان دەخزێت و دەشکەم
ئاڵای سپیم لەوەرگرە و لەلام بمەنەرەوە
ئەسپ بە بەنوبەرامەی سواران دەگەڕێنەوە
پیری لالە بەدەست لە تەنیشتم گەرانی خەوتی دە دەڵێت
بەڵێ و نیاز و سکاڵاوەش لەگەڵ دەفدا تێکئاڵاوە
دەستی نزا و هەستگەرمی بەرز کردووەتەوە
خودای زیندوو و مردووان دەستی مەشك و دەم لە یاخەدا بکەرەوە و ڕزگارمکە
منیش لە تەختی بەرزاییدا بووم
دەڵوونیم تەدا ژا و زانیم چی بکەم
گەرانی ئەمشەو لە ئاو و مەڵەدا بمەنەرەوەم بەسەر گژوگیادا پژاند
تاووس بە کە کەرسم بوون
ئاخ لە خرۆشی دەنگیان و دەمودووی درەختی دەوروبەر
بەتەنیا لە ڕەخ چەمدا ماومەوە و لە بەردەمیدا لەسەر قاچەك وەستاوم
دەست بە کەزیی نەرم و شلی ئەستێرە و مانگ دادەهێنم
پەریشم بە پەستی تەڕێوە چەند سانا تەپۆی
میوانی شەوی ڕاز و شەوی شەوانی نەکردم
دەستی لەسەر شانم دانا و ڕێی پەین بخاتە ژێر درەختی ژوان
نەرم نەرم تەپۆی پێیم گوێ لێبوو
گوێم وەك خوانی ڕایەخستراو بەتاڵ و زمانم لاڵ
چاوی ئەمك و نمەکیش ئامۆژگاریکردم یەکەم بینین بیاد بهێنمەوە
نیگا ئاشنایی تاهەتایەش لە دەدا دەپارێزرێت
خونچەی نەبەرەی کوستانان
پێش چوونە ژوان بەگەرمایی دە دەکرێنەوە
دە لەگەڵ ئەو درەختانە بدوێ
ئەواران پەدەبن لە جریوە و جووکە و بریسکەی هەڵخستراو
خودای زیندوو و مردووان مەشك و دە هەراسان و ماندوویانکردووم
بمخەرە ئاوەڵ دەڕێ بارانی پڕژەی ساڵ و بریسکی زەویم پەداپۆشە
زەوی کراسەکی نیگا شەرمنی وەك دایە حەوای پێشیوە
لە یەك بزر نابین
لە بەرەبەیانەك کە ئەستێرە و مانگ بە هەزار ڕەنگ خرۆشاون

تیشکەکی خەمیوم پێشاندە
بەختە دیدارەکی سادە و گەنا دابگیرسێنێت
هەموو گەنا داگیرساوان دەڕژن
ژیانەکی ئاسوودە هەیە
دڵمانی تێدا ناکوژرێت
خەریکە دڵمان لە باڵی باڵندەدا دەبەختە فانۆس
تیشکی پڕی ماڵی هەموو گەنا داگیرساو دەکاتە تاجی دیدار
ئەرێ بە ئاسمان کە پڕ ئەستێرە و مانگ دەبێت لە زەوی نزیکدەبێتەوە

9

بەدەنگیی زمان و خورپەی گەرمی ئێشق بانگی ئەوە دەکەم
تەزینەکم گەرم بکەنەوە و بەشداری جەنگم بکەن
لەبەر سەرما دەستم لەکدەخشێنم
خەر بکوژە و تەواوی ئەستێران بانگی شوێنی خەوت دەکات و
دەیانکوژێت
بە هەکەوت کاتێکی هووخش کە من تێیدا دەکوژرەم دەگەمە بەردەرگای
سەرەوتن
لەپڕ دەنگم دەنووسێت و دەبەختە لاپەڕەی بەتاڵی ئەلبوومێك
پاش چەند چرکەیەك بەفر دەماری زەوی دەگوشێت
تاووس بەنی کەچی گیانەکیان کردووە
دەنێ بەر دارەتەرم و چرا و قورئان بەسەر خوێنراو و بەنی کەسوکار
پاشای گیانم پاشای بەخشندە
پەویستە تە گوت لە دەنگی حەفت نەوای من بێت
لە ناز و خەنواندنی بەفردا
بە بەن دەکەوم و لە خەودا قسەدەکەم
خەو تا چێشتەنگاو درێژ دەبێتەوە و بەڕا بەرەوپێ
هەوناکی بەفر هەندە بەهێزە چاو بە شەوارەی دەخا
تە لەودیوی دەرگاوە وەك ئاوێنە و مەمت لەدە
چاوەڕێی هەوودانی و تەنیا دەنگی منیش نابیستیت
بەفر خوێنی منی دەوە
دەتوانن لە میوەدا بیناسنەوە
چاوەڕوانی گەیشتنە
کات میوەی پڕگەیاندووە
منیش هەنگی خوێنی خەمم بیر دەکەوێتەوە و هەنگی دەیشم دەبینم
سەبەری هەنگی دە سووکە
لە ناوچەوانی هەون هەونی خوداوەنددا شانم دایە شانی بریندەك کە

چ ناگ ی ب ند کردوو
ل کو می داگیرساوی فریشتشدا ا اکردنی د ی خ مم پ شاند ن و
بمن ژن
ناشتن سر وتی خ شو یستی و گ رانیی ل ستایش و تاس ی ئ ز ل و
غ ز ل
تاووسی ب نکردووی ک چ د پرسن کوا
مانگیش ک زی ل س ر ز ویی و کیژانی خ وا ووی دا پ شیو
لیم ی ب نخ ش گ گام ب د وو ب ناز و خ نواندنی ب فر و فیزی
خ کردن وی تاووس
خ و تی د ووونی بگرم و س ری خ م ب ک شی کت بی شک ی خوداو ندان
بک م
م رگ ناوی ه موومان د زان ت
ش رمی شکاو و ب ناوی خ مان و بانگماند کا
ن شمزانی چ ن وا ب ئاسانی ناوی ک سی ل ت کناچ ت
گورگیش ل وی ب زمان کی ق وك سوورگی د رگای زیندان د ل س ت و

10

ت نیا یك د پ خو ن ل د مارم ماو
لاپ ی ژیانمت نووسی و ب ه موو چ شنك ل ناو ئازاری در ژخای نت
د خول م و
ن اوت زای ی پ ی ئ لب وم ب د س ت و س ی کانی پ ن ل ه وای
ه وا ی ب تان
ب ه ر و پ یام و ماتیی د م و ر بگر
ئ دی ن مگوت ئ گ ر م رگ هات ل دیوان کم بمن ژن
شیعری ز رم ب ئازیزان و ک stی ناکامی خ م نووسیو
ئ خودای ب کو ل گ م ب ن ز اخدانی چاو
دی اریی ی اران دابگیرس ن و د س ت و پ نج ی ش ووش ی س او
ب رزبک ن و
ب ژ ر در ختی ب ردا ردا ت بپ ین
ن زانین کات د م وع س ر یان ت نکایی ب ر ب یان
پ بک نین و فرم سك ب چاوماندا ب ت خوار
سرووشی ئارام و ب د نگ م گ ر ن مگوت
ب د د خوازم کو کی سووک بوومای
ب پایسکیل بچووبوومای نان واخان و نانی ب کونجی و ماستی ب
س رتووم
ب ب رچایی دایك و باوکم بهنابووای

پاشان لەگەڵ خوشك و برایانم
بە ماندا هاواوەن بكەین و وەك گیان وەبەرهاتن ببریسكەینەوە
درەخت و هەوبار و مانگ و ئەستێرە و گیا و باران و گەشبوونەوەی
پەلكەزێرینە
منداڵی سروشتن و خوشك و برای منیشن و لە گەرانیم دیانەم
كاتێك ئەسكبەندی جیهان بەیەكەوە گرێدرا و گیانی داشت
پێش خەر بزە و ماتی من تارای بەسەر هەوخساری داهێنا
ئەو كات تەنیا ژیان هەبوو
نەشمەزانی ژیان چ ئازارێك دەكێشێت
ئەسپی هاو بیری لەوە دەكردەوە
مەژووی خوێن لە دەماری كەروێشك یان تاژی كەنترێ
ئەی دە كە درەختی بەرداری لەرەدا بەخاوەن كردووە
من لامپام هەڵكردووە و سوپاسی بەختی هەوناكی و تف لە پەنجەرەی
هەشدەكەم
لامپاش هیچ نهێنییەكی نییە و یاری خەی پێشاندەدات
لە پشت خە لەككەشانەوەی مامز و پەڵكردنەوەی قورینگ بەسەر لكی
شلكەوە
تەماشای دەكەم و هێناسەی بەخشین و وەرگرتن و وچان و گەشانەوەم
لەملاوە بە ئەولا دەبا
لە زەردەی ئەواران لە هەموو لایەكدا هەگربوون و فێنكی بای سەبووری
سەرمیوەی گەییو دەردەكەون
كرمی ئاوریشم لە هێناسەوە قەزاخ پێ دەكا و زەمین گەرمدەكاتەوە
زەمینیش بەنی هەموومانی كرد و هەوەكی بە هەواندین شانی گەرمی
هاوشێنین
لە شوێنێك لادەدەم و وچانێك دەدەم
چی بەوەیە هەوو بدا
ئەدی ئەم هاهاتنە سروشتییە چییە هەموو شت سەد بارە دەبنەوە و
پشیانەازین

تلیاکخەر.. كورتە چیرۆك..

شەماڵ بارەوانی

بە بەدەنگی و شپرزەییەوە لە لەواری شەقامەکە دانیشتبوو و سەری خۆی بەسەر کەشی خۆیدا شۆکردبووەوە.
هەرچی بەوەدا هات دەبوو، پێنجسەد یان دووسەدو پێنجا دیناریەکی بە فڕێ دەدایە بەر پێیەکانی!
ئەو، بەو کارە و پارەفڕێدانی خێکەکە، تا خودا حەز بکات قەرەس و بەزار ببوو.
ئەوەی وەکو بەهەزی و سووکایەتیەک بە خۆی دەبینی.
گەرچی لەژێر لەوەوە دەیگوت: تکایە من سواکەر نیم. بەڵام هیچ یەکێک لەوانەی ئەوە گوێبیستی ئەو قسەیەی ئەو نەدەبوون.
سەرەنجام حەوسەڵەی ئەو پارەفڕێدانی خێکەکەی نەما و هەستایە سەر پێ و پێبەگەرووی گوتاندی: سەدجار بەڵم کە من سواکەر نیم، ئەوە ئەوە هەر تەناگەن؟!
تەزێک بەدەنگ بوو. ئەوجارە بە تەنەکی تەزێک هەمنتر گوتی: دەزانن چی؟
خێکەکە هەمووی بە بەدەنگی و واق وەماوی لێیان دەڕوانی و وایان دەزانی کەسێکی ناتەواوە و نەخۆشی دەروونی هەیە.
پاشان هەرخۆی وەڵامی خۆی دایەوە: سیاسەت و بازرگانی بە ئەوان و تلیاکخۆری و سەرخۆشیش بە ئەمە.
ئیتر تێگەیشتن کە من شێت و نەخۆش و دەرزەکەر نیم، یان ئەوەش کێشەی تێگەیشتنتان هەیە؟
گوتم من تلیاکم دەوێت تلیاک. وای گوت و سەری خۆی بەرزکردەوە بە ئاسمان و تەزێک لەو گەوادە هەورە ئاماڵ، کە بەری تیشکی خۆرەکەی گرتبوو. دوای کەمێک، تا هەزی تەدابوو دایە قاقا. دووبارە سەیرێکی ئەو دوو ژنە بە تەمەنی نزیکی خۆی کرد و پێی گوتن: گەمژینە، دەزانن کە ئەوەش هەمووتان تلیاکخۆرن؟
بەڵام جیاوازی نێوان من و ئەوە تەنها ئەوەیە، کە من تلیاکخۆرێکی هۆشیارم و ئەوەیش مەست و بێ ئاگا!